# عەبدولرەزاق گورنا، براوەی خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیاتی ٢٠٢١



عەبدولرەزاق گورنا (Abdulrazak Gurnah)، ڕۆماننوسی تانزانیا-بریتانیایی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠٢١ پێبەخشرا. ئاکادێمی نۆبڵ ڕایگەیاند کە ئەو نووسەرە بە هۆی "بۆچوونی بێ ئەملاوئەولا و تێگەیشتنی دڵسۆزانەی بۆ دەرئەنجامەکانی کۆلۆنیالیزم و چارەنووسی پەنابەر لە بۆشایی نێوان کولتوورەکان و قاڕەکاندا" خەڵات کراوە. گورنا دوای وۆڵ سوینکا، دەبێتە دووەمین نووسەری ڕەش پێستی بە ڕەگەز ئەفریقایی کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی پێدەبەخشرێ.

عەبدولرەزاق گورنا، لە ساڵی ١٩٤٨ لە دوڕگەی زەنگبار لە زێباری ڕۆژ هەڵاتی ئافریقا لە دایک بووە. دوڕگەی زەنگبار ئێستا بەشێکە لە وڵاتی تانزانیا. گورنا لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو، وەکوو پەنابەر لە بریتانیا نیشتەجێ بوو. سەرەتا لە زانکۆی کۆونتری لە خوێندنی باڵا بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٩٨٢ دا، بڕوانامەی دوکتوراکەی لە ژێر سەردێری 'پێوەر بۆ ڕەخنە لە ڕۆمانی ئافریقای ڕۆژئاوا' لە زانکۆی ناوچەی کێنت تەواو کرد.

عەبدولرەزاق گورنا ئێستا خانەنیشنە بەڵام لە پێش ئەوەدا مامۆستای ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە زانکۆکانی بریتانیا بووە. لە پاڵ پیشەی مامۆستایی چەندین پێگەی ئەدەبی و ئاکادێمی وەکوو ئەندامێتی لە 'کۆمەڵەی پاشایی بۆ ئەدەبیات' و دادوەری لە 'خەڵاتی بووکر' هەبووە و لە کۆمەڵێک کۆڕ و کۆمەڵەی ئەدەبیdaکار و تێکۆشانی کردووە.

گورنا خاوەنی ١٠ ڕۆمان و ٧ کۆمەڵەی چیرۆکەی کورتە. ڕۆمانەکانی بریتین لە:

- ١) بیرەوەریی کۆچ، ١٩٨٧( Memory of Departure)
- ٢) ڕێگەی زیارەتچییەکان، ١٩٨٨(Pilgrims Way)
- ٣) دوتی، ١٩٩٠ (Dottie)
- ٤) بەهەشت، ١٩٩٤(Paradise)
- ٥) زانستی پەسندکراو، ١٩٩٦(Admitting Science )
- ٦) لە قەراغ دەریا، ٢٠٠١(By the Sea )
- ٧) دەرچوون، ٢٠٠٥(Desertion )
- ٨) دوایین بڕشت، ٢٠١١(The Last Gift )
- ٩) دڵی زیخەڵان، ٢٠١٧(Gravel Heart )
- ١٠) ژیانی دوای مەرگ، ٢٠٢٠(Afterlives )

بەگوێرەی ئاکادێمی نۆبڵ، پێکردووە، بابەتی ڕۆمان و چیرۆکەکانی گورنا دەرئەنجام و کاریگەری و میراتی کۆلۆنیالیزمە لەسەر ژیان مرۆڤ بەگشتی، و لە سەر پەنابەران بە تایبەت. گورنا لەو دواییانەدا گوتوویەتی: "دونیا زۆر لە دەیەی ١٩٦٠ ناخۆشتر و توند و تیژترە، هەر بۆیەش ئەو وڵاتانەی کە ئاسایش و سەقامگیرییان هەیە گوشارێکی زۆریان لە سەرە، چونکە خەڵکانی زۆر لە وڵاتانی تر ڕوویان تێدەکەن".

سەبارەت بە خەڵاتی نۆبڵیش گوتی "بە ڕاستی بۆ من سەرسورمانێکی تەواو بوو، هەر بۆیەش دەبوو چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی فەرمی بم تا باوەر بکەم"؛ "سوپاسی ئاکادێمی دەکەم، ئەوە خەڵاتێکی مەزنە و بەخشین بە کارەکانی من بەو واتایە دێت کە قەیرانی پەنابەران و ئیستعمار، کە من ئەزموونم کردوون، دەبن بە تەوەری باس و لێدوان. ئەوانە شتگەلێکن لە ڕۆژانە دەگەڵیان ڕووبەڕووین، خەڵک لە سەرتاسەری دونیا ئازار دەبینن، ئێمە دەبێت بە شێوەیەکی دڵنەرمتر لەگەڵ ئەو مەسەلانە ڕووبەڕوو ببینەوە'.

کاریگەری کۆلۆنیالیزم لە سەر گۆڕینی ناسنامە و کولتوور بابەت سەرەکی کارەکانی گورنا پێک دێنێ- میراتێک کە کۆچ، هەژاری، ڕاگواستن، قەیرانی پەنابەری و هتدی بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ئافریقا و ئاسیا بە دواوە بووە. کاراکتەرەکانی ڕۆمانی گورنا ناسنامەیەکی نوێ بۆ خۆیان وێنا دەکەن تاکوو خۆیان لەگەڵ ژینگەی نوێ بگونجێن. ئەوان بەردەوام لە نێوان ژیانی نوێ و ئەزموونی ڕابردوو لەهاتووچۆ دان.

لە پاڵ بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان، شێوازی نووسین و پلاتی ڕۆمانەکانی گورنە تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بۆ وێنە لە ڕۆمانی 'دڵی زیخەڵانی'دا، چیرۆکەکە چەندین ئاستی جیاوازی هەیە، کۆمەڵێک کەسایەتی جۆراوجۆر لە چەندین قۆناغی مێژوویی پێکەوە بەستێنێکی داستانی پێکدێنن تاکوو چیرۆکیک وێنا بکرێ. چیرۆکەکە باسی ژیانی کەسایەتێک بە ناوی سەلیمە، بەس گورنا شێوازی گوتنی چیرۆک لە ڕێگەی چیرۆکێکی ترەوەی دارشتووە، شێوازێک لە نووسین و گێرانەوە کە گورنا تێدا ماموستایە. وەک ئەوەی کەسێکی ناو دەروونی چیرۆکەکە لەگەڵ کەسێک لە دەرەوەیدا قسان بکات.